
دەروازەیەک بۆ
خودئەقینی
(نەرجسیەت)



32874

زیگمۆند فرۆید
وەرگێڕانی: وەلید عومەر

Rahand

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند

(زنجیرەی دەروونشیکاری کتێبی ژمارە: ٥)

ناوی کتێب: دەروازەیەک بۆ "خودئەفینی"
ناوی نووسەر: زیگمۆند فرۆید
ناوی وەرگێڕ: وەلید عومەر
بابەت: دەروونناسی
دیزاینی بەرگ: حەمەڕەش
دیزاینی تێکست: ڕەنجدەر جەبار
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٠
چاپخانە: ناوەندی ڕەهەند
تیراژ: (٥٠٠) دانە
نرخ: (٢٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ( )ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێ دراوە.

ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند
سلێمانی - شەقامی مەولەوی - نزیک بەریدەکە - بەرامبەر گەراجی نارا
07709309121
Ktebxanai Rahand

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

وا باسدەکرێت ئەمڕۆ لە سەردەمێکدا دەژین، خودئەڤینی قوڵپەدات، یان بە دەربڕینێکی کەمێک ڕۆژانەیی: گشت خەڵک خۆپەرست بوون، مرۆڤی نەرجسی چواردەوری داوین. بۆیە گرنگیی ئەم بەرهەمەی فرۆید، دووجا و دووقاتە. بەشێکی لەوێوەیە کە بەپێی چەمکە دەروونشیکارییەکانی خۆی پرسەکە شرۆڤەدەکات و دیوێکی زانستیی پێدەبەخشێت، بەشێکی تریشی لەوێوەیە کە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی کۆنکرێتی و بێپەردە ئەم دیاردەیە لەناو مرۆڤەکاندا بەدیدەکەین. وێڕای ئەمەش دەبێت هەر لەسەرەتاوە، وەک ئەگەرێکی ناو کەسایەتیی مرۆڤ سەیری چەمکەکە بکەین نەک ئەوەی پێمانوابێت دەتوانین بەڕەهایی دووریخەینەوە- هەر لەبەر ئەمەشە زۆرێک لە شاکارە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤ ڕیشەیان لەم چەمکەدایە و دەرهاویشتەی ئەم چەمکەن. وشەی «خۆپەرستی» بەرامبەر بە «خودئەڤینی» وشەیەکی زۆر دەقیق نیە، چونکە هەم کۆمەڵێک مانای پێشوەختەی وەرگرتووە کە دامالّینیان ئاسان نیە و دوای ئەوەش

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

"پەرستن" و "ئەڤین" بەتەواوی یەکسان نین بەیەکتر کە لە پاشکۆی هەردوو زاراوەکەدا هاتوون. لە زمانی باودا «ئەنانی»یش دەوترێت کە ئاشکرایە لە زمانی عەرەبییەوە هاتووەتە ناو کوردیی ڕۆژانەوە و وشەکە لە ئەنا(الانا) دروستبووە کە بە مانای من دێت و «ئەنانی»یش ئاماژەیە بۆ کەسێکی منپەرست و خودپەرست(گەرچی لە زمانی عەرەبیدا «النرجسية» جێگیربووە و هەر لە نارسیسیزمەوە گۆڕان بەسەر وشەکەدا هاتووە).

خودئەڤینی(نەرجسیەت یان نارسیسیزم: narcis-sism)، وەک ناو دەگەڕێتەوە بۆ نارسیس(نەرجس)ی پاڵەوانی کۆنی یۆنانی کە ڕێی دەکەوێتە ناو دارستان و مێرگەڵانێک و بەسەر کارێزێکدا شۆڕدەبێتەوە ئاوبخواتەوە، کەچی وێنەی خۆی لە ئاوەکەدا دەبینێت و هێند لێی وردەبێتەوە تا شەیدای دەبێت و دەکەوێتە ئەڤینەوە لەگەڵی. زاراوەی خودئەڤینی لەم تەمسیلەوە هاتووە. لێرەدا خۆت دەبێتە ئۆبێکتی ئەڤینی خۆت. ئەو وزە دەروونییەی بڕیارە بیدەیت بەوێتر، هەڵیدەگەڕێنێتەوە بۆ ناو خۆت و عاشقی خۆت دەبیت. ئەم عاشقبوونەش عەشقێکی هێمن و هاوسەنگ نیە، بەڵکو لە دواسنوردا دەرەنجامی کوشندەی لێ دەکەوێتەوە بۆ کەسەکە: «بەپێی ئەوەی لە شیعرەکانی شاعیری ڕۆمی(ئۆڤید)دا هاتووە، نارسیسۆس لاوێکی قۆز و کەشخە بوو، و زۆرێکیش خۆزگەیان دەخواست پێی بگەن. کاتێک تەمەنی گەیشتە شانزەسالّی و باڵق بوو، باکی بە کەس نامێنێت و خەڵکێکی زۆر عاشقی خۆی دەکات. ڕۆژێک کچێک بەناوی ئیکۆ عاشقی وی دەبێت. ئیکۆ کچێکە خوداکان توانای قسەکردنیان بەو شێوەیەی مرۆڤ لێ

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

سەندووەتەوە. ئیکۆ تەنیا دەتوانێت بەشی کۆتایی ڕستەکان دووبارەبکاتەوە. بۆنمونە گەر یەکێک بیوتایە کتێبەکەم کوانێ، ئەویش دووبارەیدەکردەوە «کوانێ؟کوانێ؟کوانێ؟». ئەمڕۆش کاتێک دەڵێین ئەم وشانە ئیکۆ کرا، ئەوا مەبەستمان هەر لەم دووبارەکردنەوەی وشەکانە[1]. ئیکۆ بەقوواڵی عاشقی نارسیسۆس دەبێت، بەاڵم هەرچەند دوای‌دەکەوێت کەچی وەاڵم وەرناگرێتەوە. ڕۆژێکیان نارسیسۆس، ئیکۆ دەبینێت و دەپرسێت: کەس لەویایە؟، ئیکۆش وەاڵمدەداتەوە لەویایە، لەویایە، لەویایە. کاتێک نارسیسۆس چاوی بە ئیکۆ دەبینێت، بە هەند وەریناگرێت. ئیکۆش لەعنەت دەنێرێت و دەڵێت: هیوام وایە ئەوەی بەسەر منتا هێنا کە عاشقتم، هەمان شت بەسەر خۆشتا بێت». هەر واشی لێدێت. ڕۆژێک نارسیسۆس لە ئاوەکە دەڕوانێت و وێنەی خۆی دەبینێت و وادەزانێت کەسێکی ترە کە ئەوەندە جوانە. هەوڵدەدات لە وێنەکەی نزیکبێتەوە، بەاڵم دەکەوێتە ئاوەکەوە و نوقمدەبێت[2]». بەم پێیە، عاشقبوون بە خۆت، جۆرێکە لە دابڕان لە جیهان، یان لە چیرۆکەکەدا دابڕان لە ئیکۆ. مرۆڤی نەخۆش لێرەدا ئەو کەسەیە کە وزەی دەروونی هەموو لە ئیگۆی خۆیدا خەرجدەکات و خاڵیی دەکاتەوە و ناتوانێت عەشقی بۆ ئەویتر هەبێت. نەتوانینی عەشق، جۆرێکە لە گرفتاریی دەروونی. لای فرۆید و لە پەیوەندییدا بەم باسەوە، عەشق جۆرێکە لە خاکیبوون و نواندنی سادەیی. ئەوەی عاشق بێت، شتێک لە خودئەڤینییەکەی دادەشکێنێت و بەسەر دەرەوەدا


---

۱. وشەی echo لە زمانی ئینگلیزی‌دا لەمڕۆدا هەمان مانای هەیە. دەنگدانەوە. زایەڵە و هتد- و

۲. وەرگیراو لە کۆرپکی وەرگێڕی فارسیی کتێبەکە- و

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

فرۆید لە ساڵی ١٩١٤ نەم وتارەی نوسیوە. باسی تیۆرەکانی پێش خۆی دەربارەی خودئەڤینی(نەرجسیەت) دەکات و تێروانینی خۆیشی بۆ پرسەکە دەخاتەروو. فرۆید بەپێی زاراوە و سیستەمی بیرکردنەوەی خۆی ناوڕ لە پرسی خودئەڤینی دەداتەوە و لەڕیشەوە دیاردەکە شیدەکاتەوە.



Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library